### ئەسوەد قادر:

# ئاوی زۆر لە بیرە ئاوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ خواردنەوە دەست نادەن

■ سازدانی: دیار عەزیز مستەفا

**(ئەسود قادر ئەحمد) مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی یاسای کۆلێژی یاسا و رامیاری و پسپۆڕ لەبواری (ژینگە و پەرەپێدانی بەردەوام)، لەم دیمانەیەی (کوردستان راپۆرت)دا تیشک دەخاتە سەر کاریگەری گۆڕانی ئاووهەوا و چارەسەرییەکانی خۆڵبارین لەهەرێمی کوردستان.**



**کوردستان راپۆرت:** گۆڕانی ئاووهەوا تاچەند کاریگەری کردووەتە سەر ژینگەی هەرێمی کوردستان؟ کاردانەوەکانی ئەو کاریگەرییانەش چیین؟

**م. ئەسوەد قادر:** بابەتی ژینگە لەهەرێمی کوردستان نوێیە، لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درک بەوە کرا کە بۆشایی ژینگەییمان هەیە، بۆیە لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری پێکهێنانی وەزارەتی ژینگە درا، پێشتر رۆشنبیری ژینگەیی بەشێوەیەکی تەواو لەلای تاکی ئێمەدا بوونی نەبووە، بەڵام خۆشبەختانە لەو چوار ساڵەی کۆتاییدا خەڵک لەوە تێدەگەن کە مەبەست لە ژینگە چییە؟ هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە چین؟ کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگە لەسەر تەندروستی مرۆڤ و ئایندەی مرۆڤ چین)، ئەمەش وایکردووە کە تاڕادەیەک خەڵک لەم مەسەلانە هۆشیار بکرێنەوە، هەرچەندە من ناڵێم ئێمە لە هۆشیاری ژینگەیشتووینەتە لوتکە و لە ئاستی وڵاتانی ئەوروپیداین، بەڵام سەرەتاکەیمان دەستپێکردووە و رەنگە لە ئایندەدا بگەینە ئەو ئاستەی کە خۆمان دەمانەوێت. گۆڕانی کەش و هەوا بەشێوەیەکی بەرچاو لەمساڵانەی دواییدا بووەتە پرسی سەرەکی زۆر ناوەندی ئەکادیمی و میدیایی، ئەمەش وایکردووە درک بەوە بکەین کە ترسێکی زۆر لەسەر زەویدا هەیە و هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات، ئەویش لەئەنجامی گۆڕانی کەشو هەوا. لەدوای شۆڕشی پیشەسازی ڕێژەیەکی یەکجار زۆر گازی (دووەم ئۆکسیدی کاربۆن) رەوانەی بەرگە هەوای زەوی کراوە، زاناکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە هۆکاری سەرەکی (پەنگخواردنەوەی گەرمی) بریتییە لەو گازە، چونکە گازەکە ڕێگە نادات، ئەوتیشکە خۆرەی دەگاتە سەر زەوی، بۆ دەرەوەی بەرگە هەوای زەوی بگەڕێتەوە، بەمەش پلەی گەرمی بەرگە هەوای زەوی بەرزبووەتەوە. تاکو ئێستاش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پلەی یەکەم کار بۆ چارەسەرکردنی رەوشەکە ناکات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە (٢٥٪)ی دەرهاوێشتەی گازی (دووەم ئۆکسیدی کاربۆن)ی هەیە، چونکە بەتەواوی نەچووەتە ژێر بەندەکانی ڕێککەوتننامەی (کیۆتۆ) کە تاکە ڕێککەوتننامەیە بۆ دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمی، بەڵام خەریکە ئەمریکاش سنوورێک بۆ ئەو رەوشە دادەنێت. لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانێکی زۆر بەسەر زەویدا هاتووە، لەهەندێک شوێندا لافاو هەیە، هەندێک شوێنیش وشکەساڵییە...هتد، واتە گۆڕانێک لە سیستەمی ئاووهەوا دروستبووە کە هاوسەنگی سیستەمەکەی تێکداوە، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی بەسەر ئابووری وڵاتان و کەرتی کشتوکاڵی دەبێت، چونکە ئاسایشی خۆراک تاکە سەرچاوەی ژیانی مرۆڤایەتییە.

لەلایەکی دیکەوە ئەم دیاردەیە زەوییەکانی ئێمەی بەرەو دیاردەی (بەبیابان بوون) بردۆن، زەوییە کشتوکاڵییەکان بارانیان لێ نەباریوە، بۆیە زەوییەکان تووشی شەقبوون و رووتبوونەوە دەبن. لەم ساڵانەی دواییدا دەبینین لەهەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێک دیاردەی خۆڵبارینی هەفتانە هەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە چینێک لەسەر زەوی وشک بووە و گژوگیای لەسەر نییە، هەر بایەکی نزم بەسەر ئەو چینەدا بڕوات ئەوا خۆڵەکە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، لەم ماوەیەی دواییدا توێژینەوەیەک لەبارەی پێکهاتەکانی خۆڵەکە کراوە و دەرکەوتووە کە ئەو خۆڵە ڕێژەیەکی زۆر خوێی تێدایە و

**ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێویستیمان بە داری (واشنتنیا) نییە، بەڵکو پێویستیمان بە زیادکردنی پانتایی سەوزاییە**

لەسەر گەڵای دارەکان دەنیشێت و گەڵای دارەکان وشک دەکات، لەلایەکی دیکە کاریگەری بەسەر تەندروستی مرۆڤ هەیە، چونکە رۆژانی خۆڵبارین ڕێژەیەکی زۆری خەڵک تووشی تەنگە نەفەسی دەکات.

**کوردستان راپۆرت:** لەم وەرزەدا زۆربەی زەوییەکان دەسووتێنرێن و رووت دەکرێنەوە، ئایا ئەمە دیاردەی (بەبیابان بوون) خێراتر ناکات؟

**م. ئەسوەد قادر:** جوتیارەکانی هەرێمی کوردستان لەوانەیە تاڕادەیەک درک بەو کێشانە نەکەن، ئەوان بە مەبەستی شتێک کارێک دەکەن، بەڵام لە کاردانەوەکەیدا شتێکی دیکە دروست دەبێت. سووتاندنی ئەو زەوییانە لەچەند لایەکەوە کاریگەری دەبێت، یەکەمیان ئەوەیە کە سووتاندنەکە ببێتە هۆی سووتاندنی رووبەرێکی زۆری زەوی، جگە لەوەش دەبێتە هۆی پیسبوونی هەوا، سێهەمیشیان ئەوەیە کە لەکاتی رووتکردنەوەی زەوی لەو بەرگە رووەکەی کە لەسەریەتی، ئەوا مانای وایە زەوییەکە دەدرێتە دەست با و بۆ (بەبیابان بوون) ئاراستە دەکرێت. سەرەڕای ئەمانەش ئەو گژوگیایانە ماددەی ئەندامییان تێدایە و بەسووتاندنیان، زەوییەکە ماددە پێویستییەکانی گەشەکردنی رووەکیان تێدا نامێنێت. نەبوونی هۆشیاری لای هاووڵاتییانی ئێمە زۆرجار هەڵەی لێ کەوتووەتەوە، بۆنموونە سووتاندنی کەرەستە بەسەرچووەکان دەبێتە هۆی پیسکردنی هەوا، چونکە هەموو کەرەستەکان کیمیاوین و لە هەوادا بڵاودەبێتەوە، رەنگە لەم کارەدا چاودێری بازرگانی بیەوێت هاووڵاتییان لە پیسبوونی خۆراک رزگار بکەن، بەڵام بە سووتاندن تووشی پیسبوونی هەوایان دەکەن، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤ زیاتر دروست دەکات، جگە لەوەی بەو سووتاندنە رۆژانە پارەی دەوڵەت بە بیانووی بەسەرچوونی کەرەستەکان دەسووتێنرێت، هەندێکجاریش شانازی پێوەدەکرێت، لەکاتێکدا چارەسەرکردنی هەڵەیە بە هەڵە.

**کوردستان راپۆرت:** زۆرترین کەرەستەی بەکارهاتوو لەهەرێمی کوردستان پلاستیکە، بۆچی تائێستا خەڵک و حکومەت لە مەترسییەکانی پلاستیک بێئاگان؟

**م. ئەسوەد قادر:** ترسناکترین جۆری ماددە کە لە ژینگەدا شی نابێتەوە بریتییە لە پلاستیک، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی زۆر لەو ماددە پلاستیکییانە بەکاردەهێنین، لە سەیرانگەکان ئەگەر زەوی هەڵبکۆڵین دەبینین (لایلۆن)ی زیاتر لە نیو سەدە لەو شوێنانە کەوتوونەتە ژێر خاک کە شی نابێتەوە، بۆیە زەوییەکە تێک دەدات، چونکە لە کەرەستەی کیمیایی دروستکراوە، ئەمەش خاک پیس دەکات، چونکە ئەو گیایەی لە زەوییەکدا دەڕوێت کە پلاستیکی تێدایە، پاک نابێت، چونکە پلاستیک ماددەی کیمیایی تێدایە، ئاژەڵیش گیایەکە دەخوات و پیس دەبێت، ئێمەش شیر و بەروبوومی ئاژەڵ و گۆشتەکەی دەخۆین، بەمەش مەترسی دەکەوێتە سەر ژیانی مرۆڤ. شوێنەکەش وەکو ناوچە سروشتییەکەی خۆی نامێنێت، ئەگەر کەسێک بچێتە رێگای پیرمان وادەزانێت (لایلۆن) لەزەوی چێنراوە و بە پانتاییەکی زۆر بڵاوبۆتەوە، پێویستە ئەو کەرەستانە دووبارە بەکاربهێنرێتەوە، بەم دواییە کەسێک لە ناوچەی (حاجیاوا) هەموو کەرەستە پلاستیکییە شکاوەکانی دەهاڕی و دەینێردە وڵاتی ئێران، لەوێش دووبارە بەکاردەهاتەوە، پێویستە ئێمەش هەمان هەوڵ

**سووتاندنی کەرەستە بەسەرچووەکان دەبێتە هۆی پیسکردنی هەوا، چونکە هەموو کەرەستەکان کیمیاوین و لە هەوادا بڵاودەبێتەوە**

بدەین. تەنانەت ماددە کیمیاییەکانی (قەڵاچۆکردنی زیندەوەران) مەترسی بۆ سەر مرۆڤ هەیە، چونکە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بەشێک لەو ماددە کیمیاییانە هەڵدەمژن، مرۆڤیش دوای خواردنی دووچاری پیسبوون دەبێتەوە، لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەو بەروبوومە کشتوکاڵییانەی کە پەین و کەرەستەی کیمیاییان تێدا بەکارنەهاتووە، نرخەکەیان زۆر لەو بەرووبوومە کشتوکاڵییانە زیاترە کە ماددەی کیمیاییان تێدا بەکارهاتووە، زۆربەی خەڵکە هۆشیارەکە ئەو بەروبوومانە دەکڕن کە کەرەستەی کیمیاییان تێدا بەکارنەهاتووە، بەپێچەوانەوە ئەو خەڵکانەی کە دەرامەت و داهاتیان کەمە، ناچار دەبن کە بەروبوومەکانی دیکە بکڕن. پێویستە بەروبوومی کشتوکاڵی دوای تێپەڕینی (٣) رۆژ بەسەر رشاندنیدا، ببرێتە بازاڕ و بفرۆشێتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا جوتیارەکان رۆژێک دواتر بەرهەمەکانیان بردووەتە بازاڕ، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەیەکی کورت بەدیار ناکەوێت، رەنگە لە داهاتوودا بەدیار بکەوێت، چونکە زاناکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو هەموو نەخۆشییەی ئێستا سەریان هەڵداوە، هۆکارەکەیان بۆ پیسبوونی ژینگە دەگەڕێتەوە.

**کوردستان راپۆرت:** ئەو هەوڵانەی لە بواری هۆشیارکردنەوەی تاک دراوە، توانیویانە خەڵک لەبارەی ژینگە هۆشیار بکەنەوە؟

**م. ئەسوەد قادر:** ئێستا خەریکە چەمکی ژینگە گەشە دەکات، خۆشبەختانەش وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی ژینگە بوونی هەیە، لە وڵاتانی رۆژئاوا زیاتر رێکخراوە ناحکومییەکان رۆڵی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لەسەر پرسی ژینگەیی دەبینن، نەک رێکخراوێکی حکومی. وەزارەتی ژینگە دەکرێت وەک چاودێر کاربکات، ئەگەر رێکخراوێکی ناحکومی هەبێت، ئەوا دەتوانێت کاریگەری لەسەر حکومەت هەبێت، بۆنموونە بەهۆی نەبوونی رێکخراوی ناحکومی، زۆربەی ئەو درەختانە بڕدرانەوە کە لەسەر (٦٠) مەتری هەولێر هەبوو، دواتر داری (واشنتنیا)یان لێ چاند، ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێویستیمان بە داری (واشنتنیا) نییە، بەڵکو پێویستیمان بە زیادکردنی پانتایی سەوزاییە، تاکو رێژەی تۆز و خۆڵ و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کەم بکەنەوە، تاکە هۆکاری ئەو خۆڵبارانە نەبوونی پانتایی سەوزاییە، ئەگەر لە چواردەوری هەولێر دارستانێکی سەوز و پشتێنەیەکی درەختی باش هەبووایە، ئەو خۆڵبارینە بەو رێژەیە کاریگەری نەدەبوو. لە هەولێردا خەڵکی گرنگی بە رووبەری سەوزایی نادەن.

**کوردستان راپۆرت:** لە دروستکردنی دارستاندا حکومەت گرنگی بە بەشی باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی هەولێر دەدات، لەکاتێکدا (با) لە باشوور و باشووری رۆژئاواوە دێت، ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟

**م. ئەسوەد قادر:** هەردوو بەشەکەی پێویستە، بەڵام ئێمە پێویستیمان بە رێگەگرتن لە خۆڵ و تۆز هەیە، بۆ ئەمەش دەبێت لە دەرەوەی شاردا پانتایی سەوزایی زیاد بکرێت، ساڵانە هەڵمەتی نەمام چاندن هەیە، بەڵام چەند لەو دارانە دەمێنن و چەندیان لەناو دەچن؟، ئێستا لە ئەندازەی پارکەکان هەوڵدەدرێت پشتێنەیەکی سەوز لەچواردەورەی هەولێر دروست بکەن، وێڕای هێنانی ئاو بە چواردەوری هەولێردا، ئەم دوو هەنگاوە هەوای شار خۆش دەکات. لەم چەند ساڵەدا کۆمەڵێک باخچە و نافوورە و پارک دروستکراون، دەبینین ئاووهەوای هەولێریان خۆشکردووە. لەوڵاتان رێژەی دار لەگەڵ ژمارەی پێویستییەکانی هاووڵاتییاندا لەبەرچاو گیراوە، بۆنموونە بۆ ئەوەی هاووڵاتییەک بە ئاسوودەیی هەناسە بدات، پێویستی بە (٤) دار هەیە، کەچی لەهەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەو مەسەلەیە نەکراوە، پێویستە ئێمە کار لەسەر ئەو دارانە بکەین کە هەمیشە سەوزن و تەمەنێکی زۆریان هەیە. پێویستە لەم بوارانەدا رێکخراوە ناحکومییەکان رۆڵی سەرەکی ببینن و کاری خۆیان بکەن، چونکە ئەگەر وەزارەتێکی حکومەت کارێک بکات کە مەترسی بۆ سەر ژینگە هەبێت، ئەوا وەزارەتی ژینگە ناتوانێت رێگری لێبکات، چونکە هەردووکیان وەزارەتی حکومەتن، بەڵام رێکخراوێکی ناحکومی دەتوانێت ئەو کارە بکات و بڕیارەکە هەڵوەشێنێتەوە.

**کوردستان راپۆرت:** سووتاندنی زبڵ یاخود لە خاک نانی چ کاریگەرییەکیان بەسەر ژینگە دەبێت؟

**م. ئەسوەد قادر:** زبڵ پێویستە دووبارە بەکاربهێنرێتەوە، هەندێک کۆمپانیاش بڕیاریانداوە کار لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن، بەڵام تاچەند کارەکە کراوە، ئەوا پەیوەندی بەکۆمپانیاکانەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەدا ئێستا زبڵەکان لەژێر زەوی دەنرێت، بەڵام چ ئەو زبڵەی کە دەسووتێنرێت، چ ئەوەشی کە لە زەوی دەنرێت، هەردووکیان مەترسییان بۆ سەر ژینگە هەیە، سووتاندنکە کار لەسەر پیسبوونی هەوا و تێکچوونی هاوسەنگی ژینگەیی دەکات، ئەوەی دووەمیشیان کار لە خاک دەکات، چونکە زبڵ هەموو کەرەستەیەکی تێدایە، ئەو کەرەستانە شی دەبنەوە و بەناو ناخی زەویدا دەڕۆن و دەگاتە ئاوی ژێر زەوی، ئاوی ژێر زەویش وەک دەریا وایە و هەمووی پیس دەکات، جگە لەوەی زەوییەکەش پیس دەکات. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەو شێوازانە بەکارناهێنرێت، بەڵکو دووبارە بەکاردەهێنرێتەوە. ئەگەر ئێمە کار لەسەر ئەو کارگەیە بکەین، لە رووی ئابوورییەوە سوودمەند دەبین، چونکە دەیان لایەنی پۆزەتیڤی دەبێت، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لە وڵاتان بە دووبارە بەکارهێنانەوەی زبڵ ئاوی چێشتخانە و ئوتێل و شوێنەکانی دیکە گەرم دەکرێت.

**کوردستان راپۆرت:** لەژێر رۆشنایی تەواوی کێشە ژینگەییەکانی هەرێمی کوردستان، دەتوانین بڵێین چەند جۆر پیسبوونی ژینگەیی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە؟

**م. ئەسوەد قادر:** پیسبوونەکانی هەرێمی کوردستان خۆی لە (پیسبوونی هەوا، خاک، ئاو، پیسبوونی بینین، پیسبوونی بیستن)دا دەبینێتەوە. پیسبوونی ئاو ئەوەیە کە ئاوی بەشێکی زۆری بیرە ئاوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ خواردنەوە دەست نادەن، ئەمەش لە خۆمەوە نایڵێم و توێژینەوەم لەسەری ئەنجام داوە. پیسبوونی بینینیش وەک ئەوەی کە لە شەقامی پزیشکانی شاری هەولێردا دەبینرێت، چونکە هەزاران تابلۆی پزیشکان لێدراوە، یاخود تۆڕی وایەری مۆلیدەکان، یاخود خانووەکانی شارەکانی هەرێم رەنگاوڕەنگ نین. پیسبوونی بیستنیشمان هەیە کە خۆی لە ژاوەژاوێکی زۆر مۆلیدە و ئۆتۆمبێل و ...هتد دەبینێتەوە. هەموو جۆرەکانی پیسبوون لە هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە، بەڵام هەندێکیان بەڕێژەیەکی زۆر و هەندێکیشیان بەڕێژەیەکی کەم.